دەوڵەتی یاسا وەڵامی حەلبوسی دەداتەوە: حکومەت بە سەرکایەتی مالیکی پێکدەهێنین

سەرکردەیەکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە وەڵامی لێدوانێکی محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی پارتی تەقەدومی سوننەکاندا دەڵێت، حکومەت بە زۆرینەی پەرلەمانی پێکدەهێنرێت نەك بە لێدوان و خێزگە، مکوێین لەسەر پێکهێنانینی حکومەت بە سەرکایەتی نوری مالیکی.

سەباح بوشی، سەرکردە لە هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، ئەمە پێنجشەممە، لە لێدوانێکدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و پێسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراق وتی، تا ئێستا دەستور پێشێل نەکراوە، ئەو پەککەوتنەیشی کە هەیە لە ئەنجامی نەبونی ڕێککەوتنە، جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لەنێوان پەککەوتنی سیاسی و پێشێلکردنی دەستور، هەر کاتێك نیسابی یاسایی بۆ گرێدانی دانیشتنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دروست بو، دانیشتنەکە بەبێ هیچ دواکەوتنێك ئەنجام دەدرێت.

سەرکردەکەی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا پێشبینیشی کرد دانیشتنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بەم نزیکانە یەکلایی بکرێتەوە چونکە هەمو لایەنەکان تێگەیشتون کە بەردەوامی دواخستنی زیان

بە پێسەی سیاسی و بەرژەوەندیی دەوڵەت دەگەیەنێت.

هەمای بۆ ئەوەش کرد، دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، کاندیدی گەورەترین کوتلە بەگوێرەی چوارچێوەی دەستوریيەکان رادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت و مالکیەش کاندیدی جێگری چوارچێوەی هەماهەنگییەو ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسی رونەو نەگۆڕاوە.

سەرکردەکەی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا هەروەها محەمەد حەلبوسی دایەوە کە لە چاوپێکەوتنێکدا وتبوی، "پێم وا نییە رژێك بگەینە دانیشتنێکی پەرلەمان کە تێیدا پێکهێنانی حکومەت بە سەرکایەتی نوری مالیکی رابگەیەندرێت."

سەڵاح بوشی لەوبارەیەوە وتویەتی، لێدوانەکەی حەلبوسی، هەڵوێستێکی سیاسی و میدیاییەو هیچ بەربەستێکی دەستوری لەبەردەمماندا نییە، مالیکی دەکەینە سەرۆك وەزیران و لە سیستمی دیموکراسیدا حکومەت بە لێدوان و خۆزگە پێکنایەت بەڵکو بە زۆرینەو لەناو پەرلەماندا پێکدەهێنرێت، ئەوەی خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان بێت دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت.